# ژیاوه زۆر سەرکەوتو بوو
# سەنتەری گەنجانی رانیە چرۆیەکی شیعری پشکواند




**لە هێڤارەوە**

**لە کۆرێکی چرۆئامێزو دەرکەوتنی خونچەیەکی جوانی دنیای شیعردا , لەناو ئاپۆرەی گەنجان و لە باخچەی سەنتەری چالاکی گەنجانی رانیە زنجیرە کۆرەکانی بەشی رۆشنبیری سەنتەری گەنجان کە وەك نەریتێکی رۆشنبیری لە هەموو رۆژانێکی پێنج شەممەدا ئەنجام دەدرێت، چالاکیەکی تری خستە سەر خەرمانەی کارە رۆشنبیریەکانی خۆیو لەو سۆنگەیەوە ئێوارەی رۆژی پێنج شەممە رێکەوتی 2007/6/28 کاتژمێر 5,30 کۆرێکی شیعری تایبەت بۆ (ژیاوە عەبداللە کوردستانی ) لە ژێر ناوی ( هەستە ناسکەکان ) بەرێوە چوو , کۆرەکە لە لایەن ( رێژنە ئەمیر ) بەرێوە براو ماوەی کاتژمێر و نیوێکی خایاند . ئەوەی لەو کۆرەدا جێگای سەرنج بوو تامەزرۆیی گەنجان و توانای چرۆئاسای ژیاوەی تەمەن ( 14 ) ساڵ بوو، کە لە سەنتەری گەنجانی رانیە پەروەردە بووە و سوودمەندی بەردەوامی بەشی کتێبخانە و زمانی ئینگلیزی و بەشی شێوەکاری سەنتەرە و توانایەکی جوانی شیعری هەیە بۆیە دوا بە دوای کۆرەکە زۆربەی بەشداربوان داوای وەرگرتنی مایکیان کرد بۆ دەست خۆشی و هاندانی زیاتری ژیاوە خان، لە ناویاندا 2 منداڵی بچوك کە تەمەنیان لە 10 ساڵان زیاتر نەبوو بە شێوە ووتنێکی جوانەوە دەست خۆشیان لە ژیاوە کرد.**

**ماوەتەوە بووترێت سەنتەری گەنجانی رانیە تا ئێستا چەندان گەنجی بەهرەمەندی لە زۆبەی بوارەکان پەروەردە کردوە و بۆتە ناوەندێکی چالاکی گەنجان لە کوردستاندا .**